سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

رانانی ئایندەیی ژمارە (١٠)

# ئایندەی پێکهێنانی حکومەتی نوێ لە گێژاوی ململانێکانی عێراقدا

## ململانێکانی نێو ماڵی شیعە- سونە- کورد و کاریگەرییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان

توێژەران:
د. یوسف گۆران، د. ئومێد رفیق فتاح، د. عابد خالد رسول، د. هەردی مهدی میکە

سلێمانی
نیسانی ٢٠٢٢
www.centerfs.org

- ئایندەی پێکهێنانی حکومەتی نوێ لە گێژاوی ململانێکانی عێراقدا
ململانێکانی نێو ماڵی شیعە-سوننە-کورد و کاریگەرییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان
- ڕانانی ئایندەیی ژمارە (10)

- توێژەران: د.یوسف گۆران، د.ئومێد رفیق فتاح، د.عابد خالد رسول، د.هەردی مهدی میکە
- سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی - سلێمانی - هەرێمی کوردستان

- نیسانی ٢٠٢٢

---

**سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی**

سەنتەرێکی توێژینەوەی زانستیی ناحکومییە دامەزراوە بۆ سوودی گشتی

**ئامانجەکانی سەنتەر:**

١. پاڵپشتیکردنی پرۆسەی لێکۆڵینەوەی زانستی وهاندانی پسپۆر ولێکۆڵەران بۆ ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و بەدواداچون بۆ ئەو بابەتانەی بایەخدارن بۆ پسپۆڕییەکانی ئاینەدەزانی ستراتیژی وسیاسەتی گشتی و دەرەکی.
٢. بەشداریکردن لە پێشکەوتن و پەرەپێدانی فەلسەفەی لێکۆڵینەوەی زانستی لە هەرێمی کوردستاندا.
٣. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە دەزگا حکومییەکانی هەرێم.
٤. پێشکەشکردنی ڕاوێژی زانستی و شارەزایی لێکۆڵینەوە بە کەرتی تایبەت و دەزگا نا حکومییەکانی هەرێم.
٥. بەشداریکردن لە پەرەپێدانی پرۆگرامی خوێندن لەبوارەکانی پەیوەندیدار بە پسپۆڕییەکانی سەنتەر.
٦. ئەنجامدانی کۆنفراس و سیمیناری زانستی بۆ پشتیوانیکردنی پرۆسەی توێژینەوەی زانستی.
٧. هەماهەنگیکردن لەگەڵ سەنتەرە حکومی وناحکومییەکانی لێکۆڵینەوەی زانستی لەنێوخۆ و دەرەوەی هەرێمی کوردستان و نێوخۆ ودەرەوەی عێراق لەپێناو گواستنەوە و ئالوگۆڕکردنی بیروڕا و شارەزایی زانستی.
٨. بەدواداچوون و پێوانەکرنی ئاڕاستەکانی رای گشتی بۆ ئەو بابەتانەی جیگەی بایەخی هاووڵاتیانن.
٩. ڕاهێنان و پێگەیاندنی توێژەر لەبواری پسپۆڕییەکانی سەنتەردا.
١٠. کارکردن لەسەر ئەو پرس و دۆزە ستراتیژییانەی کە تائێستا لە کوردستاندا بەشێوەیەکی زانستی وبەپێی پێوەرە ئەکادیمییەکان کاریان لەسەر نەکراوە.

**چالاکییەکانی سەنتەر:**

١. نووسین و ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی زانستی و پۆڵەسی پەیپەر وکتێب وبڵاوکردنەوەیان.
٢. ئەنجامدانی کۆنفرانس وکۆنگرەی زانستی وکۆڕ و سیمینار.
٣. دەرکردنی گۆڤارێکی ئەکادیمی مەحکەم ومتمانەپێدراو و هەردوو وەرزنامەی ئایندەناسی و ئێرانناسی.
٤. ئەنجامدانی چاوپیکەوتن وبەرنامەی میدیایی.
٥. وەرگێرانی کتێب و جۆرناڵ وبڵاوکردنەوەی سەرچاوەی بیانی پەیوەندیدار بە پسپۆڕییەکانی سەنتەر.
٦. سودوەرگرتن لە هۆیەکانی راگەیاندن بەگشتی وئەنجامدانی ڕاپرسی بۆ ئاڕاستەکانی ڕای گشتی.
٧. کۆکردنەوەی داتا وزانیاری لەسەر کایەکانی سیاسەتی گشتی لە هەرێمی کوردستان وشیکردنەوە و بڵاوکردنەوەیان.

---

# ئایندەی پێکهێنانی حکومەتی نوێ لە گێژاوی ململانێکانی عێراقدا

**ململانێکانی نێو ماڵی شیعە–سوننە–کورد و کاریگەرییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان**

**توێژەران:**
**د.یوسف گۆران، د.ئومێد رفیق فتاح، د.عابد خالد رسول، د.هەردی مهدی میکە**

## پێرستی تەوەرەکان

تەوەری یەکەم: ململانێی شیعە ـ شیعە و
کاریگەریی لەسەرچەقبەستووی ئایندەی عێراق ٤

تەوەری دووەم: ماڵی پەرتەوازەی کوردستانی؛
وەرچەرخاندنی هەل بۆ هەرِەشەی سەر هەرێم ٦

تەوەری سێیەم: ململانێ دواخراوەکانی ماڵی سوننە و
پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق ٨

تەوەری چوارەم: کاریگەرییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکان
لە پێکهێنانی حکومەتی نوێی بەغداد ١٠

## سەرەتا

زیاتر لە شەش مانگ بەسەر دوا هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراقدا (١٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١) تێپەڕبووە و هێشتا هێزە سیاسییەکان لە هەنگاوەکانی هەڵبژاردنی سەرکۆمار و پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق، لە چوارچێوەی یەکەمدان، بە ڕوانینەوە بۆ ڕووداوەکانی دوو ساڵی ڕابردووی عێراق و نێوچەکە و ئەو بارگۆڕان و وەرچەرخانە سیاسییانەی هاتوونەتە کایەوە، لە هەرکاتێک زیاتر عێراقییەکان و ناوماڵی هەریەك لە پێکهاتەکانی شیعە و سوننە و کورد پێویستییان بە نزیکبوونەوە و لێکگەیشتن هەیە، هەڕەشە نێوخۆیی و دەرەکییەکان بەردەرکەی سەرجەم عێراقی گرتووە: ئەگەری بووژانەوەی تیرۆر، سەرهەڵدانەوەی خۆپیشاندانەکانی شارەکانی نێوەڕاست و خوارو، ئەگەری جێهێشتنی هاوپەیمانان، توندتربوونی ململانێ هەرێمی و سەرووهەرێمییەکان و ڕۆڵی توندتر و کاریگەرتری ئێران و تورکیا لەسەر سەروەریی و دەستێوەردانی سیاسیی لە عێراقدا نموونەی کەمی ئەو هەڕەشانەن کە یەخەی عێراقیان گرتووە. بە پێچەوانەی ئەم هەڕەشە زیندووانەی بەردەم پرۆسەی سیاسیی عێراق، هێزە سیاسییەکانی نێو پرۆسەی سیاسیی لە هەرسێ ماڵەکە، لە هەمووکات زیاتر هەم لەگەڵ یەک و هەم لە نێوخۆی خۆشیاندا، لێکترازانی زیاتر و خۆیان بۆ دەستبادانی نوێ بەرامبەر یەک ئامادەکردووە، لە کاتێکدا هیچ یەک لە تەوژمە سیاسییەکان و هاوپەیمانێتییە نوێکان لە پێکێهێنانی حکومەتدا تا ئێستا بێ ئەوانی دیکە لە بڕینی هەنگاوەکاندا سەرکەوتوو نەبوون.

ڕاپۆرتی ژمارە ده؛ لە چوار تەوەردا تاوتوێی دۆخی عێراقی لە ڕەهەندی ململانێکانی نێوماڵی هەر پێکهاتەیەک لە شیعە، سوننە و کورد، و کێشەکانی نێوخۆیان و کاریگەریی هێزە نێودەوڵەتییەکان و وڵاتانی هەرێمایەتی لەسەر پرسی پێکهێنانی حکومەتی عێراق کردووە و سیناریۆ ئاییندەییەکانی بەردەم پرۆسەی سیاسیی بۆ قۆناغەکانی داهاتوو خستووەتەڕوو.

## تەوەری یەکەم:
## ململانێی شیعه ـ شیعه و کاریگەری لەسەرچەقبەستووی ئایندەی عێراق

لەدوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢١/١٠/١٠ و ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردن و دەرکەوتنی هاوپەیمانی سەدر وەک گەورەترین براوەی شیعەکان بە ٧٣ کورسی پەرلەمانی، ململانێیەکی توندی لە نێوان هێزە شیعەکان دروست بوو بە تایبەت لە نێوان هێزە شیعیەکان لەلایەك و ڕەوتی سەدر لەلاکەیەکەیتر، تا گەیشتن بەوەی کە هێزەکانی دەوڵەتی یاسا و هاوپەیمانی فەتح تانە لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان بدەن، بەڵام دواجار دادگای باڵای فیدراڵی بە بڕیارێک ئەم کەیسەی یەکلایکردەوە، لە گێمی یەکەمدا سەدرییەکان یارییەکیان بردەوە و ئەنجامی هەڵبژاردنەکان ڕاستاندنی بۆ کرا و هەمووان ئەنجامەکەیان پەسەندکرد، گێمی دووەمی ململانێکە ئەو کات دەستی پێکردەوە کە دانیشتنی یەکەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق راگەیەندرا و سەرۆکی ئەو ئەنجومەنە بە ڕێککەوتنێکی سێ قۆڵی: ڕەوتی سەدر، هاوپەیمانی سونە (عەزم و تەقەدوم) و پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەرانیان هەڵبژارد، ئەم ڕێککەوتنە درزێکی گەورەتری کردە نێو پێکهاتەی شیعەکانەوە، تا دروستکردنی دوو بەرەی جیاواز (هاوپەیمانی چوارچێوەی هەماهەنگی) لە بەرامبەر ڕەوتی سەدر و هاوپەیمانییە سێ قۆڵییەکەی کە دواتر ناونرا (ڕزگاری نیشتمان- إنقاذ وطن). بەڵام لە دوای سێ دانیشتنی پەرلەمانی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار هاوپەیمانی سێ قۆڵی شکستی هێنا لە ئەنجامدانی دانیشتنی یاسایی بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆمار و ڕاسپاردنی لیستی یەکەم بۆ دەستنیشانکردنی سەرۆک وەزیران و پێکهێنانی( حکومەتی زۆرینەی نیشتیمانی).

لێرەدا گرنگە ئەو هۆکارانەی ڕۆڵیان هەیە لە تۆخکردنەوەی ململانێکانی نێوماڵی شیعە و بەنبەستگەیشتنی پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوانیان باس بکرێن:

**یەکەم : ئاستەکانی هاوسەنگی نوێنەرایەتی و کارگێڕی**

لەبەرئەوەی دابەشکاریی پۆستەکانی حکومەت و یەکە کارگێڕییەکان بە پێوەری پشکپشکێنەی پێکهاتەیی و حیزبی و ناوچەییە، بە تایبەتی دوای ئەوەی ئەنجومەنی پارێزگاکان هەڵوەشێنرایەوە، کە هەردوو ڕۆڵی یاسادانان و چاودێری دەبینی لە سنوری یەکە کارگێرییەکاندا، ئێستا تاکە دەزگای نوینەرایەتی لۆکاڵی پارێزگایە لەرووی پێشکەشکردنی هەموو جۆرە خزمەتگوزارییە گشتیەکانەوە، بۆیە شەڕی یەکلاکردنەوەی ئەم پۆستانە، یەکێکە لە هۆکارەکانی قوڵکردنەوەی ململانێکانی، بە تایبەت دوای ئەوەی هەردوو پارێزگاری نەجەف و ناسرییە بۆ ڕەوتی سەدر یەکلایی بووتەوە، ئەم گۆڕانکارییە نەخشەی دابەشکردنی سیاسی گۆڕی، چونکە زۆربەی زۆری پارێزگاکانی باشوری عێراق لە پێشوودا لای هێزەکانی حیزبی دەعوە و ڕەوتی حیکمە و فەتح بوون.

**دووەم: ململانێی چەکداری حکومەتی زۆرینەی نیشتیمانی**

هەرچەندە زۆربەی هێزە سیاسییە شیعەکان لەهەردوو بەرەی چوارچێوەی هەماهەنگی و ڕەوتی

سەدر خاوەنی هێزی نارێکخراون و لە چوارچێوەی فەرمیدا لە ژێر سێبەری حەشدی شەعبیدا رێکخراون، بەڵام بنچینەی ململانێکە لەم ئاستەدا ئەوەیە کەوا لە سەدر دەیەوێت لە ڕێگەی بانگەشەی ڕێکخستنەوەی هێزەکان کۆنترۆڵی دەوڵەت بکات، هێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگش ترسی گەورەیان ئەوەیە ئەم درووشمە بۆ لێپرسنەوە بێت. فاکتەرێکی تر لە پاڵ ئەم فاکتەرەدا بابەتی حکومەتی زۆرینەی نیشتیمانییە، کە نیگەرانییەکانی زیاتر کردوە، چونکە دەستوری عێراقی زیاتر لە ناوەڕۆکدا دەستورێکی تەوافوقییە، پێداگرییەکانی سەدر بۆ دروستکردنی حکومەتی زۆرینەی نیشتیمانی بە لێکدانەوەیەکی تر بەپەراوێزخستن و دورخستنەوە ئەوانی دی دەخوێنرێتەوە.

سێیەم: دەسەڵاتی باوکایەتی

دوای ئەوەی ماوەیەکی درێژخایەنە مەرجەعی باڵای شیعەکان (عەلی سیستانی) خۆی بەدوور گرتووە لە هەموو ڕایەکی سیاسی، بەهۆکاری بێلایەنی و فاکتەری هەڵکشانی تەمەن و خۆتەرخانکردن بۆ کاری ئایینی، بۆشاییەکی سیاسی دروستبووە، ئەم بۆشاییە کاری کردووتە سەر لێکترازانی زیاتری هێزە شیعیەکان، ئەوەی لە فەزای شیعەکاندا دەتوانێت یارییەکە بگۆڕێت کۆمەڵێک فاکتەرە، شەڕی کاریزمای ئاینی و سیاسی، باکگراوندی سیاسی، سوودوەرگرتن لە میراتی مێژوویی بنەماڵە و پاشخانی کۆمەڵایەتی لە کاروبار ئاینی و سیاسەتدا، پشتگیری جەماوەری لەڕێگەی گوتاری پۆپۆلیستی، ئەم فاکتەرانە پیکەوە، بۆ کەسێکی وەکو موقتەدا سەدر ڕێگە خۆشکەرن کە چانسی زیاتری لە سەرکردە سیاسیەکانی تر دەبوو ئەگەر پلەکانی کاریزمای مەرجەعی ئاینی هەبوایە، لانی کەم لەڕووی پلەبەندی پێدانی ئەم نازناوە لە روانگەی مەزهەبی شیعیەوە. سەدر زیاتر لە جارێک بانگەشەی ئەوەی کردووە کە دەبێت ئەو حکومەتەی سەدر دروستی دەکات باوکانە بێت، لە بەرامبەردا هێزەکانی چوارچێوەی هەماهەنگی وا موقتەدا سەدر دەناسێنن کە تەنها سەرکردەیەکی سیاسییە نەک مەرجەعێکی ئاینی، چونکە سەدر بەرەی خۆی هەیە، بەیەک دووری لەگەڵ هەموو هێزەکان نییە. لەلایەکی ترەوە ئەو ململانێ مێژوویەی لە نێوان باڵەکانی حیزبی دەعوەی ئیسلامیدا هەبووە و چەندین جیابوونەوەی لە وێستگە جیاوازەکاندا بە خۆوە بینیووە، رۆڵی نەرێنی هەیە لە قووڵبوونەوەی ململانێکان، بە تایبەت کە بنەماڵەی سەدر خۆیان بە خاوەنی ڕاستەقینەی حیزبەکە دەزانن. بۆیە بەڕوونی ئەو ململانێ مێژووییە لە نێوان سەدر و مالیکدا دیارە، ڕەنگە مێژووی پێکدادانی حکومەتی سەردەمی مالیکی لەگەڵ هێزەکانی سوپای مەهدی سەر بە ڕەوتی سەدر کاریگەریی بەرچاوی هەبێت لە چەقبەستنی زیاتری نێوان ئەم دوو ڕەوتە، چونکە سەدر ئەوەی نەشاردۆتەوە کە نایەوێت فراکسیۆنی دەوڵەتی یاسا لە حکومەتدا بەشداربن.

## تەوەری دووەم:
## ماڵی پەرتەوازەی کوردستانی؛ وەرچەرخاندنی هەل بۆ هەڕەشەی سەر هەرێم

بە ڕوانین بۆ دۆخی گەرمی سیاسیی و ناجێگیریی و ناڕوونی ئایندەی نێوچەکە، ڕەنگە هیچ کات هێندەی ئێستا کورد پێویستیی بە یەکڕیزی و هاوشانی بۆ یەکخستنی تواناکان و کەمکردنەوەی هەڕشە ئایندەییەکان نەبووبێت، بەڵام پێچەوانەکەی لەسەر زەمینی واقیع دەبینرێت. ئەوەی دەبینرێت ئەوەیە لەگەڵ باهۆزی هەڕەشە و نائارامییەکاندا، ماڵی کوردیش بەدەست شەپۆلە توند و لاوازەکانەوە ئاراستەکەی دەگۆڕدرێت و ئەوەشی نابینرێت یەکخستنی گووتار و دانانی ستراتیژ و کۆدەنگییە لەسەر ئامرازەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەکان و قۆستنەوەی دەرفەتەکانە.

هەنووکە چەند پرسێکی سەرەکی یەخەی ماڵی کوردییان گرتووە و ئاسۆی چارەسەریشیان بە گوێرەی جوڵەی هێزە پێکهێنەرەکانی کوردستان و دووری مەودای گوتارەکانیان، نادیار و ڕوو بە درزی زیاترە. هەندێکیان ڕاستەوخۆ پەیوەستن بە نێوخۆی هەرێمەوە و هەندێکیشیان بەرهەمهاتووی ململانێ عێراقی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانن، لە گرنگترینیان:

**١. پرسی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان:**

بە گوێرەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ساڵی ١٩٩٢، چەند مانگێکی دیکە، کۆتایی خولی ئێستای پەرلەمانە و پێویستە لە مانگی (تشرینی دووەم)ی ئەم ساڵدا هەڵبژاردنی نوێ ئەنجام بدرێت، بەڵام لە چەند مانگی ڕابردوو و بە ئێستاشەوە ڕێککنەکەوتنی لایەنەکان لەسەر هەردوو پرسی هەمواری یاساکە و پێکهاتەی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسی، نەک ئامادەکارییە یاسایی و کارگێڕییەکانیان پەکخستووە، بەڵکو نیوماڵی کوردیشی دوولەت کردووە و هەڕەشەی نوێی بۆ درووستکردووە، کە بێگومان کاریگەییان لەسەر بەشداری کورد لە حکومەتی نوێی عێراقدا دەبێت.

**٢. پرسی شێوازی بەڕێوەبردنی سامانی سروشتیی هەرێم:**

ئاشکرایە کە ئەم پرسە لە بنەڕەتدا یەکێکە لەتەوەرەکانی ململانێی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی عێراق، کە لە لایەك هەرێمی کوردستان بە ڕاڤەکردنی تاك لایەنەی خۆی بۆ هەندێك دەقی دەستوری عێراقی ساڵی ٢٠٠٥ بەمافی خۆی دەزانێت لە سنوری خۆیدا نەوت بەرهەم بهێنێت و هەناردەی بکات، لەبەرامبەریشدا حکومەتی فیدراڵی عێراق، بەپێی چەند دەقێکیتر لە هەمان دەستور، پێداگری لەسەر دەسەڵاتی حەصری خۆی دەکات لەم بوارەدا. کەواتە ناکۆکیەکان لەم پرسەدا لەنێوان هەرێم و عێراقە، نەك لە نێو لایەنە کوردییەکاندا، بەتایبەت کە هەر لەسەرەتاوە یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکرات وەک پێکهێنەرانی سەرەکی حکومەتی هەرێم، بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت بە ڕێککەوتن و هاوبەشی هەردوولایان بووە و یەکدیدگاش بوون لە بەڕێوەبردنییدا، بەڵام ئەم دیدگا هاوبەشە لەئەگەری ڕێککنەکەوتنی ئەو دوو لایەنە لەسەر چۆنێتی بەشداریکردنیان وەك هێزە سەرەکییەکانی پێکهاتەی کورد لە حکومەتی ئایندەی عێراقدا، گرەنتی

بەردەوامبوونی نییە، بەتایبەت لە دوای بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی سەبارەت بە نادەستوورییبوونی بەرهەمهێنان و هەناردەکردنی نەوت لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە، وا دەخوازێت کە هەرێم لەچوارچێوە ئەو پێشهاتە یاساییە نوێیەدا دەست بە گفتوگۆ و ڕێککەوتنی توکمەتر لەجاران لەگەڵ حکومەتی فیدراڵی بکات، ئەمەش وا پێوست دەکات ئەمجارە کورد دیدگایەکی بەهێزتر و یەکگرتووتر لەسەر مافی خۆی بۆ بەڕێوەبردنی سامانە سروشتییەکانی ناو سنوری هەرێمەکەی خۆی لەبەرامبەر حکومەتی فیدراڵیدا بخاتەڕوو.

**٣. پرۆسەی سیاسیی بەغدا و لێکەوتەکانی لەسەر ماڵی کوردستانی**

پاش دوا هەڵبژاردنی عێراق (٢٠٢١)، پرسێکی نوێ کە پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق و دیاریکردنی سەرکۆمار و ترازان و جەمسەربەندیی نێو ماڵی شیعەیە، لەبری دروستکردنی هەل، بە پێچەوانەوە پرژی ململانێکە نێوماڵی کوردیشی گرتەوە و هەر لە پاش دەرکەوتنی ئەنجامەکانەوە، هێزە کوردستانییەکان هەریەکەو بە ئاڕاستەی جیا بەرەو بەغدا بەڕێ کەوتن؛ هەرچی پارتی دیموکراتی کوردستانە بە ڕێککەوتن لە بەرەی سێقۆڵی (بارزانی-صەدر-حەلبووسی)دا بوو. بەهۆی کاردانەوەی ئەم بەرەیە و پێداگری پارتی-یش لەسەر پۆستی سەرۆک کۆمار و تەحەفوزاتی یەکێتی لەسەر قاڵبی بەرە سێقۆڵییەکە، یەکێتی نیشتمانی (بە لێکگەیشتن و هاوهەڵوێستی نەک ڕێککەوتن) لە بەرەی چوارچێوەی هەماهەنگی نزیکبوویەوە و ئەوەی مایەوە کورسیەکانی نەوەی نوێ و یەکگرتووی ئیسلامییە وەک ڕێککەوتن لەگەڵ هیچ لایەک لەم جەمسەرانە ڕێککەوتنیان نییە، بەڵام بەپێی هاوکێشە و دۆخە کاتییەکانی نێو پرۆسەی سیاسیی، هەماهەنگییان لەگەڵ تشرینییەکان و هەندێجار لەگەڵ هاوپەیمانی سێقۆڵی و بگرە چوارچێوەی هەماهەنگیشدا هەبووە.

لەهەموو ئەگەرەکاندا ئەوەی ڕوونە: ماڵی کوردی پەرتەوازەیە و هیچ کاتێک بەدرێژایی ١٩ساڵی پرۆسەی سیاسیی عێراق، هێندەی ئێستا بێ بەرنامەی هاوبەش نەبووە، لەکاتێکدا باشترین هەل و کات بۆ دەستکەوتی سیاسیی و شوناسی و نیشتمانی کوردستانی، هیچکات هێندەی ئێستا هەلی باشی بۆ کورد پێنەبووە. بەڵام دەبینرێت بە پێچەوانەوە ئەم هەلە بووەتە هەڕەشە و ماڵی کوردستانی لەتتر و دەستکەوتە ناتەواوەکانی ئەزموونی هەرێمیشی خستووەتە ژێر هەڕەشەوە.

## تەوەری سێیەم:
## ململانێ دواخراوەکانی ماڵی سوننە و پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق

لەقۆناغەکانی سەرەتای دوای هەڵبژاردنە پەرلەمانییە پێشوەختەکەی ٢٠٢١، کەمێک ئارامتر لە دۆخی هەردوو ماڵی (شیعە) و (کورد)، ماڵی سوننە و براوەکانی هەڵبژاردنیان تاڕادەیەک ناکۆکی و ململانێیان کەمتر خۆی نواند، کاتێك وابەستە و پێکەوەگرێدراوتر جوڵانەوە و لە پشکی خۆیان لە سێ سەرۆکایەتییەکە (سەرۆکی پەرلەمان)یان هەر زوو برد، لانی کەم لەسەر ئاستی ئەو هێز و قەوارە و هاوپەیمانییە سوننییانەی کە لە هەڵبژاردنەکەدا سەرکەوتووبوون، چونکە هەر زوو دوای بڵاوبوونەوەی ئەنجامە بەراییەکانی ئەو هەڵبژاردنە زۆربەی ئەم هێزە سونییانە جۆرێك لێك تێگەیشتن و نزیکییان هەبوو بۆ چۆنێتی بەشداریکردن لە حکومەتی نوێ و دابەشکردنی بەرکەوتەکانی سونە لە دەسەڵات و پایەکان لە نێوانی خۆیاندا. بەڵام ئەم لێکنزیکییەی نێوان سوننەکان زۆر درێژەی نەخایاند و هەنووکە قسە لە جیابوونەوەی زۆربەی باڵی "عەزم" لە نێو ئەم بەرەیەدا دەکرێت کە چەندین کورسی لەگەڵ خۆیدا دەبات، تەریب بەم هەواڵەش گەڕاندنەوە و ئەستۆپاکیی دادگایی چەندین سەرکردەی نەیار و داواکراوی پێشتر (عیساوی و حاتەم)، لە گۆڕەپانی سیاسییدا دەرکەوت، کە کۆمەڵێک کەسایەتی کاریگەری نێو ماڵی سوننە بوون و دوور نییە وەک جەمسەربەندییەک بەرامبەر بەرەی حەلبووسی-خەنجەر قووت ببنەوە (لەم کردەیەشدا پەنجە بۆ "هەماهەنگی" و ئێران درێژ دەکرێت کە کۆمەکاریان بێت) و دوولەتی ماڵی سوونەش بەردەوامبێت. بەڵام گریمانەی ئەوەش دەکرێت ئەم لەتبوونەی سوننە ڕێی لێبگیرێت لەڕێگەی فشار و دەستێوەردانی هەریەک لە ئیمارات و تورکیاوە ئەندازەکاریی بکرێت.

بەگشتی لەدوای هەڵبژاردنە پێشوەختەکە، وا دەردەکەوت ئەمجارە هێزە سوننەکان سووربن لەسەر سەرلەنوێ ڕێکخستنەوەی ڕۆڵی خۆیان لە نەخشەی سیاسی عێراقدا، لەپێناو دەرچوون لەو چوارچێوە تەقلیدییەی کە لە ساڵی 2003 ەوە ڕیتمی حوکمکردنی عێراقی لەسەری ئاژاوە، کە هەمیشە تیایدا ڕکێفکردنی زۆربەی جومگەکانی دەوڵەت لەدەست هێزە شیعەکان بووە، لەبەرامبەر بەشداریکردنێکی ڕووکەشی و پەراوێزی پێکهاتەکانی تر تێیدا بەتایبەت پێکهاتەی سوننە.

هەرچەندە هێزە سوننەکان هەردەم پۆستی سەرۆکایەتی پەرلەمانیان وەرگرتووە، کە سێیەمین پۆستی باڵای سیستەمی حوکمڕانی عێراقە لە سایەی دەستور ٢٠٠٥ دا، لەپاڵ چەندین پۆستی وەزاری و کارگێڕی باڵا لە کابینە یەک لەدوای یەکەکانی حکومەتدا، بەڵام بەنزیکەیی لەماوەی دوو دەیەیەی ڕابردوودا هەمیشە سوننەکان گلەییان لە باڵادەستی و هەژموونی شیعە بەسەر زۆربەی جومگە هەستیارەکانی وڵاتدا هەبووە، ئەم گلەییەش لەخۆڕا نەبوو بەڵکو لە زەمینەی واقعدا بەڵگەدار بوو، بۆ نمونە سەرجەم دامەزراوە و دەستە سەربەخۆکانی وەك (دەستەی دەستپاکی، ڕاگەیاندن و پەیوەندیەکان، بانکی ناوەندی، وەبەرهێنان، ناکۆکییەکانی موڵکداری...)، کە دامەزراوەگەلێکن لە زۆربەی وەزارەتەکانی ناو کابینەی حکومەت گرنگترن، هەمیشە سەرۆکایەتیی ئەم دەستانە بۆ کەسایەتییە شیعیەکان قۆرخکراو بووە، وێڕای قۆرخکردنی زۆربەی وەزارەت و دەزگا ئەمنییەکان

لەلایەن شیعەوە، جگە لە وەزارەتی بەرگری کە وەک نەریت بە کەسایەتییەکی سونە دراوە بەڵام بە ڕەزامەندی هێزە شیعییەکان دەستنیشان کراوە.

هەڵبەت ئەو لێکنزیکییە ڕێژەییەی لەدوای هەڵبژاردنەکەی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ لە نێو ماڵی سونەدا دروستبوو بەر لە هەڵبژاردنەکە چاوەڕوانکراو نەبوو، کە ئەو دەمە چەند هێزێك کێبڕکێییان لەسەر دەنگەکانی شەقامی سوننی دەکرد، گرنگترینیان بریتیبوون لە (هاوپەیمانیی تەقەدوم – بەسەرۆکایەتی محمد حەلبوسی سەرۆکی پێشووی ئەنجومەنی نوێنەران) و (هاوپەیمانیی عەزم – بەسەرۆکایەتی خەمیس خەنجەری بازرگان) و (هاوپەیمانی گەلمان شوناسمانە – بەسەرۆکایەتی ئەحمەد محمد جەبوری) و (حزبی جەماوەر – بەسەرۆکایەتی ئەحمەد عبدالله جەبوری) و (پرۆژەی نیشتمانی – بەسەرۆکایەتی جەمال ئەلزاڕی) و (لیستی موتەحیدوون – بەسەرۆکایەتی ئوسامە نوجێفی سەرۆکی پێشووتری ئەنجومەنی نوێنەران) لەگەڵ چەندین هێز و قەوارە و کەسایەتی دیکەی سوننی سەربەخۆ. بەڵام ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە ئەم هێزانەی بەشێوەیەك ڕیزکردەوە کە هەندێکیان بوونە سەرەکی و هەندێکیشیان مایەپوچ دەرچوون، کە تیایدا تەقەدوم وەك هێزێکی سەرەکی (٣٧) کورسی بردەوە، عەزم (١٤) کورسی، گەلمان شوناسمانە (٣) کورسی، پرۆژەی نیشتمانی (١) کورسی، جەماوەر (١) کورسی و موتەحیدوونیش (هیچ) کورسییەکی بەدەستنەهێنا.

لە دەمی هەڵبژاردنەکاندا ململانێیەکی توند لەنێوان (تەقەدوم) و (عەزم) هەبوو بەشێوەیەك کە ببوە جێی ڕەخنە و نیگەرانی زۆرێك لەسونە، گوایە باشتربوو سونەکان بەیەك لیست بچنە کێبڕکێی هەڵبژاردنەوە، لەترسی پەرتەوازەبوونی دەنگەکانیان بەرامبەر هێزە کوردستانی و شیعییە نەیارەکانیان لە هەندێك لە ناوچە سوننییەکاندا. بەڵام دوای هەڵبژاردنەکان بەکاوەخۆ هەردوو هاوپەیمانییەکەی حەلبوسی و خەنجەر، بە پاڵنانی هەندێک هێزی هەرێمی وبە سوودوەرگرتن لە دروشمەکەی موقتەدا صەدر کە بریتیی بوو لە (حکومەتی زۆرینەی نیشتمانی) و خوازیارە تەنها پشت بە هێزە سەرەکییەکانی نێو ماڵی شیعە و سونە و کورد ببەستێت وەك شێوازێکی نوێی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق، هەردوولا بەمەبەستی بەشداری لە بونیادنی ئەو حکومەتە ململانێ و ناکۆکییەکانی نێوانیان وەلانا و جۆرێك لێکتێگەیشتنیان لەناو ماڵی سوننەدا گەڵاڵەکرد، هاوپەیمانێتیشیان لەگەڵ صەدر پێکهێنا، بەم هەنگاوەش یەکەمیان (حەلبوسی) توانی لە ٩/١/ ٢٠٢٢ دا جارێکیتر سەرۆکایەتی پەرلەمان مسۆگەر بکات، دووەمیشان (خەنجەر) خوازیارە بە یەکێك لە جێگرەکانی سەرۆك کۆماری داهاتوو یان جێگرێکی سەرۆك وەزیرانی نوێ دابنرێت، ئەمە جگە لەوەی کە دواتر بووەتە سەرۆکی (هاوپەیمانی سیادە)، کە هێزەکانی ناو (تەقەدوم و عەزم) و چەند هێزێکي تری سوننەی لەخۆگرتووبو، کە بەپێی هەندێك مەزەندە نزیکەی ٧٠ کورسی ئەنجومەنی نوێنەرانی لەدەوبوو. بەڵام ئێستا بە ئەگەری جیابوونەوەی ١٠ بۆ ١٣ کورسی لە هاوپەیمانی عەزم بە سەرۆکایەتی (موسەنا سامەڕائی) و چوونیان بۆ پاڵ (چوارچێوەی هەماهەنگی) هەڕەشەیەکی جدیی لەسەر بەردەوامبوونی ئەو بەرەیە هەیە.

کەواتە ئەو لێکنزیکییەی لەدوای هەڵبژاردنەکان لە ناو ماڵی سوننەدا بوو، وەك چاوەڕواندەکرا تەنها هەنگاوی تەکتیکی چەند کەسایەتییەك و بۆ دەسکەوتی تایبەت بوو، نەك لەپێناو کۆتاییهێنان بە ململانێ گەوهەرییەکانی نێوانیان بێت، گەرچی بۆ ماوەیەکی کاتی دوایخستن. چونکە ئەم ململانێیانە لە

بنەڕەتدا ململانێی کەسیین و لەپێناو بەدەستهێنانی سەرۆکایەتیی کۆی سوننەدان، نەك بۆ یەکخستنی ماڵی سوننە بێت لە دەوری چەند ئامانجێك کە بتوانێت دەربازیان بکات و لە ماڵوێرانییەکانی دوای جەنگی داعش و دیاریکردنی چارەنووسی بێسەروشوێنانی ئەو جەنگە و گەڕاندنەوەی ئاوارەکانی سوننە بۆ زێدی خۆیان و کۆتاییهێنان بە هەژموونی هێزە وەلائیەکانی حەشد لە نێوچەکانی نیشتەجێبوونیان و سەرلەنوێ ئاوەدانکردنەوەیان.

زیاتر لەمەش، لێکنزیکی کاتی نێوان لایەنەکانی پێکهاتەی سوننە و دواخستن یان بەردەوامیپێدانی ململانێکانی نێوانیان، بەدوور نییە لە کاریگەری ئەو دابەشبوون و لێنزیکبوونەوە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییانەی کە هەنوکە لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانیشدا هاتوونەتە ئاراوە. بۆیە لە سایەی ئەم کەشە هەرێمی و نێودەوڵەتییەدا و بەمەرجی درێژەکێشانی ئەو ململانێ و ناکۆکییانەی ئێستا لە ناوماڵی شیعە و کورددا هەن، پێدەچێت کاریگەری ڕۆڵی سوننەکان لە یەکلاکردنەوەی گرێی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماری دادێیی عێراق و دیارکردنی ئەو کەسایەتییەش کە بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی نوێ دەپاڵێورێت، بەندبێت بە ڕادەی توندی ئەو ململانێ دواخراوانەی کە چاوەڕوان دەکرێت لە دوای پوکانەوەی لێکنزیکییە تەکتیکییەکەی حەلبوسی - خەنجەر جارێکیتر سەرلەنوێ بتەقنەوە.

## تەوەری چوارەم:
## کاریگەرییە نێودەوڵەتی و هەرێمییەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق

هەر لەسەرەتای پرۆسەی ڕوخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆریی سەددام، لە لایەن هێزە هاوپەیمانەکانەوە و پاشان دانانی حاکمی مەدەنی (پۆل برێمەر) و حوکمکردنی عێراق بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ ماوەی یەکساڵ، لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانییەوە، دەوڵەتی عێراق لە دامەزراندن و بنەما دامەزراوەیی و حوکمڕانییەکانیدا، کەوتە ژێر کاریگەری نێودەوڵەتی و هەرێمییەوە، بەڵام لەوکاتەوە تا ئەمڕۆ ئێران و ئەمریکا دوو یاریکەری سەرەکی نێو گۆڕەپانی سیاسیی عێراق بوون، بۆ ئێستاش، سەرباری گۆڕانکاری لە ڕۆڵی هەردووکیان و دەرکەوتنی یاریکەری ئیقلیمی و نێودەوڵەتی دیکە، هێشتا هاوکێشەی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی ( ئەمریکا وئێران) لە پێکهێنانی حکومەتی بەغداددا گرنگی خۆی لەدەست نەداوە.

**یەکەم:ئەمریکا**

هەرچەندە پاش کشانەوەی سەربازیی ئەمریکا (ساڵی ٢٠٠٩)، ئەم وڵاتە ڕۆڵی سیاسی لە عێراقدا پاشەکشەی کردووە، بەڵام شەڕی داعش لە سوریا و عێراق جارێکی تر ئەمریکای هێنایەوە نێوچەکە. لە سەردەمی سەرۆکایەتیی ترامپدا(٢٠١٧-٢٠٢١) ئەمریکییەکان پاڵپشتی حکومەتەکانی عادل عەبدولمەهدی و کازمییان کرد و بە ئاشکرا گوشاری توندیان خستە سەر ئێران. پاش کوشتنی قاسمی سلێمانی، ئاراستەیەکی بەهێز لای ئەمریکیەکان لە عێراقدا پەیدا بوو کە هەوڵی

دورخستنەوەی هێزو لایەنەکانی نزیك ئێران لە دەسەڵاتی عێراق بدرێت. بەم شێوەیە پاڵپشتی خۆی بۆ داواکاری تشرینیەکان و هەڵبژاردنی پێشوەخت دەربڕی کە تیایدا حکومەتێکی(دور لە تاران) هەڵبژێردرێت.

پێدەچێت لەسەرەتادا گەشبینیەکی ئەمریکی بۆ پەلەکردن لە پەکهێنانی حکومەت پاش هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ لە ئارادا بوویێت، بەم شێوەیە هەر زوو پیرۆزبایی سەرکەوتنی پرۆسەی هەڵبژاردنی کرد و پشتگیری دەرکەوتنی بەرەیەکی "شیعی- سوننی- کورد"یان بۆ پێکهێنانی حکومەت دەربڕی، بەڵام پاش ئەوەی هەردوو لایەنی سەرەکی کوردستانی(یەکێتی و پارتی) کەوتنە نێو ململانێی توندەوە، بەهۆی داواکاریی چاوەڕێنەکراوی پارتی بۆ پۆستی سەرۆك کۆمار و هەروەها بەهۆی سەنگەرگرتنی سەرجەم لایەنە شیعییەکانی تر دژ بە سەدر و سەرکەوتنیان لە پەکخستنی هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران، لە ئێستادا ئەمریکییەکان و رۆژئاوا بە گشتی لە هەمان هەڵوێستی سەرەتایان خاوبوونەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە گفتوگۆ ئەتۆمییەکانی ڤییەنای نێوان ئەمریکا و ئێران و شەڕی ئۆکرانیا-روسیا کاریگەری لەسەر سیاسەتی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لە عێراق جێهێشتوە. هەنووکە بەهۆی سەرقاڵییان بە شەڕی ئۆکرانیا وسەرلەنوێ داڕشتنەوەی سیاسەتی ئەمنی لە ئەوروپا، واشنتۆن و برۆکسل کەمتر لەجاران ئامادەییان بۆ روبەڕوبونەوەی ڕاستەوخۆی دژ بە ئێران لە نێوچەکە و عێراقدا هەیە، ئەمەش دەکرێت ببێتە هۆکارێك بۆ کەمکردنەوەی پاڵپشتی ئەمریکا بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق دور لە کاریگەری ئێران و لایەنگرەکانی لە عێراقدا.

**دووەم: ئێران**

هەرچەندە هەڵبژاردنەکانی ئۆکتۆبەری ٢٠٢١ی عێراق، لەسەرەتادا وا لێکدەدرایەو کە شکستێکی گەورەی بەرەی دۆستەکانی ئێرانە، بەڵام دوای زیاتر لە شەش مانگ لە هەڵبژاردن لەبەر چەندین هۆکار هێشتا بەرەی(دژ بە ئێران) دورن لە بەدەسهێنانی بەرهەمەکانی هەڵبژاردن.

ئێرانییەکان بەهۆی هاوکارییکردنی عێراق دژ بە شەڕی داعش و دامەزراندنی میلیشیاکانی (حەشدی شەعبی) توانیان دەسەڵاتی خۆیان بە شێوەیەکی فراوان لە عێراق پەرەپێبدەن، هەرچەندە لەدوای ٢٠٠٣وە و بەهۆی ئەوەی سەرکردە سیاسییەکانی ئەوسای شیعە، پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ ئێران هەبووە، بەڵام جیاوازیی نێوان مەرجەعەکان و ململانێی سیاسی نێوان ماڵی شیعە بەشێك لە سەرکردە شیعەکانی عێراقیان هاندا بۆ هەوڵی دۆزینەوەی هاوپەیمانی ئیقلیمی تر. لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٢١ یش ئەم ڕەوتە بە ڕونی دەرکەوت.

پێدەچێ سەرباری گوشارەکانی ئەمریکا بۆ کەمکردنەوەی هەژموونی ئێران لە عێراق بە تایبەت باش کوشتنی قاسم سلێمانی، بەڵام هێشتا ئەستەمە هیچ حکومەتێك بێ رەزامەندی ئێران و دۆستەکانی لە عێراق پێکبهێنرێت، هێشتا بەشێکی بەرچاوی شیعەی عێراق ئەو وڵاتە بە نزیك و تەنانەت بە مەرجەعی ئایینی و سیاسی دەبینن، بۆیە بە پاڵپشتی تاران بەرەیەکی چالاکی سیاسییان (چوارچێوەی هەمانگی) دروستکردوە، لەلایەکی ترەوە بەردەوامی شەڕی ئۆکرانیا و ڕوسیا

کاریگەریی  هەبووە لە بەهێزکردنەوەی هەژمونی ئێران لە سوریا و عێراق، بەتایبەت پێویستیی بازاڕی نەوت و گازی جیهانی بە تواناکانی ئێران پاش ئەوەی وڵاتانی کەنداو دژی داواکاری ئەمریکا بۆ قەرەبوکردنەوەوی کەمی نەوت و گازی روسیا وەستان. بەم شێوەیە، هەوڵی ڕۆژئاوا بۆ دورخستنەوەی ڕوسیا لە بازاڕەکانی وزە، پێگەی ئێرانی لە نەخشەی سیاسی و وزەی هەرێمی و جیهانی بەهێزکردەوە. بەکورتی دور نیە پێکهێنانی حکومەت لە بەغدا بۆ کاتێك دوا بکەوێت کە هەردوو لایەنی سەرەکی(ئێران و ئەمریکا)  لە گۆشەنیگای رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی پاش جەنگی ئۆکرانیا بەرژەوەندی هاوبەشی نوێیان لە عێراق و ناوچەکە بۆ دروست بێت، یاخود لانیکەم یەکلاببنەوە لە ڕێککەوتن یان ڕێککنەکەوتن.

**سێیەم: تورکیا**

هەرچەندە تورکیا پێشتر ڕۆڵێکی سەرەکی لە پرۆسەی سیاسی عێراقدا نەبوە و تەنها لەرێی قەتەر و بەشێك لە سوننەکان و کوردەکان کاریگەریی سنورداری هەبووە، بەڵام بەهۆی نزیکبونەوەی ئەم دواییەی نێوان تورکیا و ئیمارات و زۆر لە وڵاتانی کەنداو کاریگەریی تورکیا لەسەر دروستکردنی بەرەیەکی جیاوازی شیعی- سونی- کورد پەرەی سەندوە.

ڕاستی کاریگەری تورکیا لە هەوڵەکانی پێکهێنانی حکومەتی عێراق لە دوو وێستگەی سەرەکی دەرکەوت: یەکەمیان کاتێك توانی لە ئەنقەرە دوو سەرکردەی دیاری سوننە (حەلبوسی و خەنجەر) کۆبکاتەوە و رێکیان بخات بە وەرگرتنی سەرۆك پەرلەمان بۆ حەلبوسی و بەرامبەر پۆستی جێگری سەرۆك کۆمار یان جێگری سەرۆك وەزیران بۆ خەنجەر. وێستگەی دووەمیش نزیککردنەوەی سێ لایەنی سەرەکی(سەدر، سوننە، پارتی) بە هاوکاری ئیمارات لە چوارچێوەی یەك هاوپەیمانێتی و هەوڵدان بۆ پێکهێنانی حکومەت و دورخستنەوەی سەرجەم لایەنەکانی تر.

هەرچەندە بەشێکی زۆری ئەو هاوپەیمانێتیەی کە تورکیا بە هاوکاری ئیمارات پشتگیری کرد وەك خۆی ماوەتەوە، بەڵام لە ئێستا لەبەر چەندین هۆکار هاوپەیمانێتییەکە نەیتووانیووە هەنگاوی ڕیشەیی بۆ ئامانجەکەی بەرێتە پێشەوە.

بەشێکی زۆری شیعەکان، بەوانەی کە نزیکی تورکیاشن، نیگەرانن لە ڕۆڵی تورکیا لە فایلی نەوت و گازی کوردستاندا، سەبارەت بە سوننەکانیش دۆستی هەرە نزیکی تورکیا کە ئوسامە نوجێفی بوو لەم هەڵبژاردنە شکستی هێنا و خەمیس خەنجەریش تەنها خاوەنی ١٣ کورسی پەرلەمانییە، بە پێچەوانەوە قورسایی سەرەکی سوننەکان لای حەلبوسی(٣٤ کورسییە) کۆبۆتەوە کە دۆستی نزیکی ئیماراتە، بەمە قورسایی تورکیا لەنێو سوننەکاندا بەندە بە پەیوەندییە دووقۆڵییەکانی لەگەڵ ئیماراتدا.

**چوارەم:ئیمارات**

ئەم میرنشینە  بەهۆی پشتگیری لە سوننەکانی عێراق، بە تایبەت حەلبوسی، لەلایەك و دروستکردنی هەماهەنگی لەگەڵ ئەنقەرە و هەندێ لایەنی شیعی و کورد لەلایەکی ترەوە، ئێستا

ڕۆڵێکی زیاتری لە نەخشەی سیاسی عێراق دەگێڕێت.

ئیمارات دوای کرانەوەی لەگەڵ ئیسرائیل و تورکیادا، سیاسەتێکی جیاواز لە نێوچەکە پەیڕەو دەکات، ئەم سیاسەتە تەنانەت لە هەڵوێستی بەرامبەر شەڕی ڕوسیا و ئۆکرانیاشدا دەرکەوت، کاتێک نەچووە پاڵ ئەمریکا و بێلایەنی خۆی ڕاگەیاند. پێدەچێت لە دروستکردنی بەرەی(سەدر، حەلبوسی، پارتی)دا ڕۆڵی سەرەکی هەبوبێت، ئەویش بە بانگێهشتکردنی سەرجەمیان بۆ ئیمارات، ئێستا بە وەرگرتنی پۆستی سەرۆکی ئەنجومەنی نوێنەران لەلایەن حەلبوسییەوە کە دۆستێکی نزیکی ئیماراتە، سەرکەوتنی دیاری لەعێراقدا تۆمارکردوە.

بەڵام بەمانەوەی کێشە سەرەکییەکانی نێوان ئێران و ئیمارات و نزیککەوتنەوی ئەمریکا - ئێران لەسەر فایلی ئەتۆمی و هی تر، ڕەنگە ڕۆڵی ئیمارات لە دیاریکردنی چارەنوسی حکومڕانی لە عێراق روو لە پاشەکشە بکات.

## دەرەنجامەکان

١- دەرەنجامە سەرەتاییەکانی دوای هەڵبژاردنی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٢، وا دەرکەوت کە بەرەیەکی نوێ بە سەرکردایەتی سەدر-حەلبوسی- پارتی زۆرینەیەك پێك دێنێت کە لەتوانایدا بێت دەسەڵاتی سیاسی عێراق بە هەر سێ سەرۆکایەتییەکەوە بگرنەدەست، بەڵام پاش تێپەڕبوونی زیاتر لە شەش مانگی هەڵبژاردن، هێشتا جگە لە دانانی سەرۆکی پەرلەمان، شکستیان هێناوە لە دەستنیشانکردنی سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران و پێکهێنانی حکومەتدا.

٢- لەدوای ٢٠٠٤ وە، هەمو حکومەتێك لە عێراق بە سازانی نێوخۆیی کورد-شیعە-سوننە پێکهاتووە، بەردەوامیش کورد و شیعە لە نێوخۆیاندا یەك دەنگ بوون، بەڵام لە ئێستادا ڕەوتی سەدر بانگەشە بۆ حکومەتی زۆرینە نەك سازان دەکات، ئەم بانگەشەیە هەرچەندە توانی حەلبوسی و پارتی بهێنێتە بەرەی خۆیەوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو لە پەراوێزخستی هێزە کوردستانی و شیعی و سونیەکانی دی.

٣- سەباری ئەوەی شەقامی سیاسی شیعە دیاردەی نوێی وەك تشرینییەکانی بەخۆوە بینی و هاتنە نێو پەرلەمانەوە، بەڵام نەتواندرا پارسەنگی هێزە کلاسیکییە ئاینیەکان لاسەنگ بکەن، ئێستا داواکارییەکانی خۆپیشاندەرەکان کە هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی پێشوەخت بوو، لە ئەجێندای سیاسی پێکهێنانی حکومەتدا نین.

٤- بەهۆی بەرزکردنەوەی دروشمی "حکومەتی زۆرینە" لەلایەن بەرەی سەدر و حەلبوسی و پارتی-یەوە، هەروەها دەرکەوتنی ململانێی ئاشکرای نێوان دوو هێزی سەرەکی کورد(یەکێتی و پارتی) لەسەر پۆستی سەرۆك کۆمار کە پێشتر لای یەکێتی بوە، نێومالّی کورد، وەك هی سوننەو شیعە، دووبەرەکی توندی تێکەوتووە، بەشێوەك کە کاریگەری نەك تەنها لەسەر پێگە و دەسەڵاتی کورد لە بەغداد هەیە، بەڵکو بۆ هەرێمی کوردستانیش تەشەنەی کردووە.

٥- لە سەرەتادا بەهۆکاری هەرێمی و نێوخۆیی سوننەکان بە یەکدەنگی و یەکهەڵوێستی دەرکەوتن و توانییان پشکی خۆیان(سەرۆك پەرلەمان) لەدوای هەڵبژاردن مسۆگەر بکەن. بەڵام لە

ئێستادا بەرەی سوننەش درزی تێکەوت و بەشێکی ڕەوتی (عەزم)ی سوننی جیابوونەوە و چوونە پاڵ بەرەی دژەوە. بەم شێوەیە ڕوون نیە لە ئایندەدا لە شێوەی پێكهێنانی حكومەت و پۆستە باڵاكانی تری سوننەكان بە چ شێوەیەك دابەشدەكرێت.

٦-ململانێی شیعە- شیعە لە ئێستادا ناونیشانی سەرەكیی كێشەكانی پێكهێنانی حكومەتی عێراقە، هەوڵی سەدر بۆ دورخستنەوەی سەركردەكانی وەك مالكی لە پرۆسەی سیاسی كە دووەمین هێزی شیعەی پاش سەدرە، پرۆسەی پێكهێنانی حكومەتی پەكخستووە و تەوقیتاتە دەستورییەكانی تێپەڕاندوە. ئەگەر ئەم دوو لایەنە نەتوانن لەسەر خاڵە سەرەكییەكان پێك بێن، ڕەنگە پەكخستن و پێكنەهێنانی حكومەت لە عێراقدا درێژە بكێشێت ودواجار بیر لە بژاردەی تر وەك هەڵوەشاندنەوەی پەرلەمان یان گوشارخستنە سەر دادگای فیدراڵی بۆ دەستێوەردان یان دەسپێكردنی خۆپیشاندانی جەماوەری ملیۆنی بكرێتەوە، كە بێگومان ئەمە عێراق دەباتە نێو تونێلێك لە نائارامی مەترسیدار. چونكە تائێستا كلتوری ئوپۆزسیۆن بوون لە عێراقدا زۆر لاوازەو زۆربەی ململانێ سیاسییەكان شێوازی سفری(هەموو شت یان هیچ)یان هەیە.

بەڵام دیوێكی دیكەی ململانێی پێكهاتەی شیعە، ئەوەیە ڕەنگە بە هۆكاری دەرەكی بوبێت یان ڕێكەوتنی نێوخۆیی هەرچەندە كێشەكانیش گەورە بن، وەک لە ئەزموونەكانی رابردوودا بینراوە، لە دواجاردا بەرژەوەندی گشتی پێكهاتەكە زاڵبووە و گرێكوێرەی سیاسیان كراوەتەوە، بەڵام لەئێستادا بەهۆی نەبوونی ئەم فاكتەرانە قورسە لە ئایندەی نزیكدا باس لە ڕێكەوتن بكرێت، چونكە: (لە دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق، مەرجەعی باڵا لەسەر ڕوداوەكان بەردەوام هەڵوێستی هەبووە، ئێستا نەبوونی قسەی فەرمی مەرجەعی باڵا وای كردووە بۆشایی گەورە دروست بێت. فاكتەری وادە دەستورییەكان(التوقیتات الدستوریە) پاڵنەری سەرەكی بووە لەوەی هێزەكان پەلە بكەن لە پێكهێنانی حكومەت و بەردەوامی بدەن بە پرۆسەی سیاسی. شەقامی سیاسی زۆر كاریگەر تر بوو لە ئێستا، خۆپیشاندانی تشرینی و دەرئەنجامەكانی، تا ڕادەیەكی زۆر بێمتمانەیی و بێهیوایی دروستكردوە، بە تایبەت كە دەرئەنجامەكانی لە ئاست چاوەڕوانی خۆپیشاندەراندا نەبوو. چەک قسەی یەكلاكەرەوە دەكات، بۆیە هیچ هێزێک لەو هێزانە ناتوانن دەستبەرداری دەسەڵات بن).

٧- دور نیە ئێرانییەكان (وەك پێشتر) بتوانن ڕۆڵێك لە نزیككردنەوە و یەكخستنی ماڵی شیعە بگێڕن كە دەبێتە هۆی زووتر پێكهێنانی حكومەت، بەڵام ئەم ئەگەرە بەندە بە چەندین هۆكاری تری وەك كەمتربوونەوەی گرژییەكانی نێوان تاران و واشنتن و هەوڵدانی هەردولا بۆ قایلكردنی دۆستەكانیان و نزیكردنەوەی هەردوو سەركردەی نەیاری شیعە (سەدر و مالكی)، بە پێكهێنانی حكومەتێكی تەوافوقی كە سەرجەم لایەنە كاریگەرەكان نوێنەرایەتیان تێیدا هەبێت.

## About the: Centre for Future Studies

A Non-Governmental Centre For Academic Research in the Public Interest.

**Aims and objectives:**

1. To promote expertise and support research activities in politics and international relations with a particular focus on the future of strategy and public and foreign policies.
2. To contribute to the development and improvement of the philosophy of scientific research in Iraqi Kurdistan.
3. To offer the governing institutions of the KRG (KRG) professional and expert advice.
4. To offer professional and expert advice to the private sector and non- governmental organizations operating in Iraqi Kurdistan.
5. To contribute to the improvement of the learning program in the field of the center's expertise.
6. To hold scientific conferences and seminars on current and future domestic and international political and strategic issues.
7. To coordinate with governmental and non-governmental centers for scientific research in and outside Iraqi Kurdistan with the aim of exchanging ideas and expertise.
8. To follow up and measure directions of, and trends in, the public opinion in Iraqi Kurdistan, particularly on those issues that are crucial to the stability and prosperity of the region.
9. To train and prepare researchers in the center's area of expertise.
10. To address the region's strategic issues that have not yet been approached from an academic and scientific standpoint.

**Activities:**

1. To carry out and publish scientific research.
2. To hold regular conferences, seminars and talks on current and future domestic, regional, and international political and security issues.
3. In addition to policy papers, analytical reports, and books, the center publishes a scientific journal that mainly deals with the future of domestic, regional, and international strategic and security issues.
4. To conduct interviews and interact with public and private media.
5. To translate and publish books and journal articles from English (and other foreign languages) to Arabic and Kurdish on the topics of the center's expertise.
6. To carry out opinion polls on various domestic political issues in Iraqi Kurdistan.
7. To gather data and publish analysis on various issues connected with public policy in Iraqi Kurdistan.

## حول: مركز الدراسات المستقبلية

مركز غير حكومي تأسس لإجراء دراسات علمية بغرض تحقيق المصلحة العامة.

**أهداف المركز:**

١. دعم عملية البحث العلمي وتشجيع المختصين والباحثين لأجراء البحوث في المجالات المتعلقة بالدراسات المستقبلية والسياسة العامة والاستراتيجية والشؤون الخارجية.
٢. المساهمة في انماء فلسفة البحث العلمي وتطويرها في اقليم كوردستان.
٣. تقديم استشارات علمية والخبرة البحثية للمؤسسات الحكومية في اقليم كوردستان.
٤. تقديم استشارات علمية والخبرة البحثية للقطاع الخاص والمؤسسات غير الحكومية في اقليم كوردستان.
٥. المساهمة في تطوير المناهج الدراسية في المجالات المتعلقة بإختصاصات المركز.
٦. تنظيم مؤتمرات وندوات علمية لدعم عملية البحث العلمي وتعزيزها.
٧. التنسيق مع المراكز الحكومية وغير الحكومية المعنية بالبحث العلمي داخل اقليم كوردستان وخارجه، بهدف تبادل الخبرات العلمية معها.
٨. متابعة إتجاهات الرأي العام وقياسها حول القضايا التي تجذب اهتمام المواطنين وتؤثر في مصالحهم.
٩. اعداد الباحثين وتأهيلهم في المجالات التي تختص بها المركز.
١٠. العمل على دراسة القضايا الاستراتيجية في اقليم كوردستان التي لم تدرس وفق المعايير العلمية.

**نشاطات المركز:**

١. اجراء البحث العلمي و نشره.
٢. تنظيم المؤتمرات والندوات العلمية.
٣. نشر الكتب و الدراسات العلمية المتعلقة باختصاصات المركز.
٤. اصدار مجلة علمية محكمة.
٥. التواصل مع قنوات الاعلام المعنية باهتمامات المركز واجراء الاستفتاءات العلمية لقياس اتجاهات الرأي العام.
٦. ترجمة الكتب و الدراسات العلمية الاجنبية المتعلقة باختصاص المركز ونشرها.
٧. رصد المعلومات والبيانات في جميع مجالات السياسة العامة في اقليم كوردستان وتحليلها ونشرها.

سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی
مركز الدراسات المستقبلية
Center For Future Studies

Futuristic Readings No.10

# The future of the Formation of the New Government In the Spiral of Iraqi Conflicts

## Shiite-Sunni-Kurdish house conflicts; international & regional influences

# مستقبل تشكيل الحكومة الجديدة في دوامة الصراعات العراقية

## صراعات البيت الشيعي-السني-الكردي والتأثيرات الدولية والإقليمية

Sulaimani
April 2022
www.centerfs.org